هۆشیار زێباری: هێڕشکردنە سەر بنکەکانی هاوپەیمانان دۆخی عێراق ئاڵۆز دەکات

هۆشیار زێباری لەبارەی هێرشە بەردەوامەکانی گرووپە چەکدارە عێراقییەکان بۆ سەر بنکە سەربازییەکانی هێزەکانی هاوپەیمانان، مەترسی فراوانبوونی ئاڵۆزییەکان و ئاراستەکردنی ناوچەکە و عێراق بەرەو شەڕێکی فراوان راگەیاند.

ئەمڕۆ شەممە، هۆشیار زێباری، ئەندامی دەستەی کارگێری مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان لە تۆڕی کۆمەڵایەتی ئێکس راگەیاند، بەردەوامی هێرشە مووشەکی و درۆنییەکان بۆ سەر بنکەی سەربازی عەین ئەسەد و بوونی قوربانی، پێشلکردنێکی مەترسیدارە لە رووبەڕووبوونەوەکان.

زێباری ئاماژەی بەوەشکردووە، بەرەی مقاوەمە تەشەنە بە شەڕێکە دەکات و ناوچەکە بەرەو شەڕێکی فراوانتر دەبات.